# ڕەهەندە نێگەتیڤەکانی ڤیستیڤاڵە شانۆییەکان لە کوردستاندا

## (ڤیستیڤاڵی سلێمانی بۆ هونەری شانۆ) وەک نمونە



**ئامانج عەبدوڵڵا**

بەر لە هەموو شتێک و پێش ئەوەی بچمە نێو باسەکەمەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە نووسینی ئەم بابەتە بریتینیە لە سرینەوەو روخاندنی ئەو هەوڵانەی کە دەدرێت بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ڤیستیڤالە شانۆییەکان، بەلکو دەمەوێت هاوشانی ئەو باسە پۆزەتیڤانەی کە لەسەر فێستیڤاڵ دەکرێت کۆمەڵێک ڕەهەندو لایەنی نێگەتیف دەست نیشان بکەم کە کاریگەرییەکی خراپیان هەیە لەسەر ئەم دۆخەی شانۆ لە کوردستانداو دەرئەنجامێکی نادروستی لێ دەکەوێتەوە، بەو هیوایەی بتوانم لە چێوەری ڕەخنەیەکی پوختداو بەشێوەیەکی دروست ئەو خاڵانە دەستنیشان بکەم، کە پێویستە بووترێت و بەسەرماندا تێنەپەڕت.

**(نەبوون و کەمی نمایشی شانۆیی لە تێکڕای ڕۆژەکانی ساڵداو نمایش کردنی کۆمەڵی بەرهەم لە چەند ڕۆژێکی دیاری کراودا)**

ئەگەر بە وردی بڕوانینە تێپەڕبوونی ڕۆژەکانی ساڵ و بمانەوێت لە ناویان دا ئەو کارە شانۆییانە دەستنیشان بکەین کە لەماوەی ساڵێکدا نمایش دەکرێن، لەهەر شارێکی کوردستاندا ئەوا بەدڵنیاییەوەلە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن و زۆرینەی کات هۆڵەکانی شانۆ خاڵی خاڵین لە نمایش و بینەر، ئەو شانۆییانەش کە نمایش دەکرێت بەشێکی کەمیان نەبێت ئەوانی دی هیچ تروسکاییەکی ڕوناک و مژدە بەخشیان تێدا بەدی ناکرێت و زیاتر هەولی لێکترازاوو لاساین کە نەک هەر خزمەت بەلکو زیان بە بوونە ڕاستەقینەکەی شانۆ دەبەخشن و لەیەک دۆخدا دەیهێڵنەوە. کە دەکرێت لە باسێکی تایبەت تردا فاکتەرەکانی دروست بوونی ئەو دۆخە سستە دیاری بکەین. ئەوەی بۆ ئەم بابەتەی ئێمە پێویستەو جێی سەرنجە ئەوەیە کە کاتێک ئەو دەزگاو نێووەندە حکومی و ناحکومییانەی هەڵدەستن بە ڕێکخستنی ڤێستیڤاڵێکی تایبەت بە شانۆ بیر لەو ئاستەنگانە ناکەنەوە کە دێتە ڕێگەیان و ئەوە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە فێستیڤاڵ واتە نمایشی کۆمەڵی شانۆیی جدی و سازکردنی کۆڕو سیمیناری تایبەت بە شرۆڤەکردن و لێک دانەوەی ئەو فاکتەرانەی شانۆی بە ئاقارێکی تردا بردووەو تارادەیەکی دیار تارمایی ونبوونی بە سەرەوەیە. بیر لەوە ناکەنەوە کە فێستیڤاڵ تەنیا کۆکردنەوەی نمایش نییە، هەر ئەوە نییە کە بودجە پەیدا بکەیت و بڵێیت شانۆکاران وەرن با فێستیڤاڵ ساز بکەین! بەلکو فێستیڤاڵ تایبەتمەندێتی و زەمینەی خۆی هەیەو دەبێت لانی کەم تیایدا ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکرێت کە ڤێستیڤالی پێ دەناسرێتەوەو جیای دەکاتەوە لە هەولێکی جودا لەخۆی. زۆرجار تووشی سەر سوڕمان دەبیت بەوەی کە تۆ لەماوەی ساڵێکدا (10) کاری شانۆیی نابینیت و کەچی لەپرێکدا فێستیڤاڵ دێت و بەپێی ڕەچاو کردنی زۆرێک لە بنەما هونەرییەکان کۆمەڵێک نمایش لەخۆ دەگرێت و دنیایەک گرفت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بە جۆرێ کە زۆرجار بەشێک لە شانۆکاران تا ئەوپەڕی هەست کردن بە هەلە پەشیمانن لە بەشداری کردنیان لەو فێستیڤاڵانەدا. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوەبدەم کە هەر لەو فێستیڤاڵانەدا هەندێ جار لەگەڵ هەبوونی جیاوازی دا چەند شانۆییەکی جدی و باش دەبینین کە هەڵگری پەیامێکی شانۆیین، بەڵام ئەمە بەس نییەو ناکرێت ڤێستیڤاڵێکی پێبەریتەسەرو تا ئەندازەی دیاری کردنی ئاسۆیەک لە بەرەوپێش چوون لێی بڕوانیت.

**(فێستیڤاڵ و نەبوونی مەرجی بەشداربوون)**

یەکێک لە گەورەترین گرفتەکانی ئەو فێستیڤاڵە شانۆییانە ئەوەیە کە تەنیا وەک ناوێک و بۆ بەئەنجام گەیاندنی چالاکییەکە کە لە دواجاردا حکومەت و دەزگاو تیپەکان شانازی پێوەبکەن، نەک هەڵگری تایبەتمەندی و پەیڕەوە هونەرییەکان بێت.لەم حالەتەشدا ئەوەندەی بیر لە چەندێتی بەرهەمە بەشداربووەکان دەکرێتەوە ئەوەندە بیر لە چۆنیەتیان ناکرێتەوە.

ئەوەی گرنگە بۆ ئەوان کۆکردنەوەی نمایشەکانە هەر لەبەر ئەمەشە کە لەو فێستیڤاڵانەدا شتێک نییە ناوی فلتەر یاخود مەرجی بەشداربوون بێت. لێرەوە دەرگا بۆ گرفتێکی گەورە دەکرێتەوەو بەرهەمی باش و خراپ بە یەک ڕێگادا تێپەڕ دەبێت و ڕێگەت پێدەدرێت بە کەیف و سەفای خۆت نمایش بەریتە ناو فێستیڤالەوە. ئەم بێ بەرنامەییە دەگاتە ئەندازەیەک کە پێش دیاری کردنی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ هەڵبژاردنی کارە شانۆییەکان لیژنەی داوەرانی فێستیڤاڵ دەست نیشان دەکرێت و ئەوەی زەروورەتە بیردەچێتەوە کە لە خاڵێکی تردا باسی ئەو سەر لێ شێواویاویانە دەکەین کە فێستیڤاڵ و لیژنەی داوەران تیایدا دەسوڕێنەوە. بۆیە دەبێت هەڵسووڕێنەران و بەرپرسانی فێستیڤاڵەکان بەرامبەر بەوە بەئاگاین کە ناکرێت هەموو شانۆییەک لەناو فێستیڤاڵدا نمایش بکرێت بەو ئامانجەی ڕۆژەکانی پێ درێژ بکەنەوەو لە دواجاردا بڵێن ئەوەندە تیپ و شانۆیی بەشداربوون لە فێستیڤاڵداو شانازی پێوەبکەن. بەلکو دەبێت هەنگاوی یەکەم لە دەست نیشانکردنی نمایشە بەشداربووەکانەوە دەست پێ بکات بەپێی مەرجە هونەرییەکان، خۆ ئەگەر نەبوو ئەوا واز لە فێستیڤاڵ بێنن زۆر باشترو سودمەنترە لە بە ئەنجام گەیاندنی بەوشێوازە.

**(فێستیڤاڵ و دابین کردنی بودجە)**

هەوڵدان بۆ دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ بەئەنجام گەیاندنی فێستیڤاڵ چەندە هیلاکی دەوێت لە بەرامبەردا ئەوەندە گرفتی داهێنان و هونەری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. چەندە یارمەتیدەرە بۆ کەسانێک کە دەیانەوێت کارێکی باش و جدی پێ بەرهەم بێنن ئەوەندەو زیاتریش یارمەتیدەر بۆ ئەو کەسانەی لەڕێگەیەوە نمایشێکی ئاستی نزم بەرهەم دەهێنن و بەناوی فێستیڤاڵ و کارێکی شانۆییەوە پارەیەکی زۆر وەردەگرن و ئەنجامەکەشی زۆرێک لەو نمایشانەیە کەلە فێستیڤاڵەکاندا دەیبینین، کە بەرای من خولقێنەری سەرەکی ئەم گرفتەش نەبوونی ئەو لیژنەیەیە کە پێشتر باسم کرد بۆ هەڵبژاردنی بەرهەمەکان.

چونکە ئەگەر لیژنەیەک بێت بۆ پەسەند کردنی بەرهەمە باشەکان ئەوا ئەم سەرگەردانیە دروست نابێت کە هەر کەسەو بێت داوای بیرێکی زۆر پارە بکات و بڵێت نمایشم هەیە بۆ فێستیڤاڵ! زۆرجار گوێبیستی ئەو حیکایەتانە دەبین کە لەسەرو بەندی دابین کردنی بودجەی فێستیڤاڵەکاندا بەشێک لە شانۆکاران! بە چ شێوەیەک و چۆن دێنە پێشەوە بۆ بەشداربوون! بەجۆرێ کە زۆرجار بەشێک لە شانۆکارە جدی و خاوەن هەڵوێستەکان هەست بە تەریقی دەکەن لە بەرامبەر چاوقایمی و هەڵپەی ئەو جۆرە کەسانەدا. بۆیە بەرای من و بۆ ئەم دۆخەی شانۆ لە کوردستان دا واباشترەو گونجاوترە کە ئەو بودجە زۆرەی بۆ چەند ڕۆژێکی فێستیڤاڵ تەرخان دەکرێت و ئەنجامێکی باشیشی نابێت، دابەش بکرێت بەسەر کۆمەڵی پرۆژەو نمایشی جدی و بە بەهاداو لەڕێگەی ئەو پرۆژانەوە زەمینە بۆ کاری باش برەخسێنرێت و لە دۆخێکی ترداو هاوکاتی هەبوونی کۆمەڵی مەرج و تایبەتمەندێتی هونەری فێستیڤاڵ ڕێکبخرێت نەک بەم شێوەیەی لەم چەند ساڵەی دوای دا دەیبینین کە بەداخەوە ئەنجامەکانی هەمیشە جێی گومان و گلەیی شانۆکارانە.

**(بینەرو شانۆو فێستیڤاڵ)**

یەکێک لەو گرفتە گەورانەی لە مێژوودا باس دەکرێت و جێی سەرنجی شانۆکارانە نەبوون و کەمی بینەر یاخود وەرگرە لەنێو هۆڵەکانی شانۆدا، کە ئەم حاڵەتە نادروستە قسەی زۆر هەڵدەگرێت و دەبێت لە زۆر ڕووەوە شرۆڤە بکرێت. ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم پەیوەندی بە سەر لێ شێواندنی بینەرەوە هەیەو دروست بوونی ئەم حاڵەتەش بەر لە هەموو شتێ شانۆکاران خۆیان لێی بەرپرسیارن، من لێرەدا هەنگاو بەسەر ئەو باسەدا دەنێم کە باس لە نەبوونی هۆشیاری بینەران دەکاو بۆ بابەتێکی چڕتر لەسەر ئەو لایەنەی بەجێ دەهێڵن. ئەوەی گرنگەو تێبینی دەکرێت وەک چۆن لە خاڵی یەکەمدا باسم نەبوونی بەردەوامی نمایشی شانۆییە لە تێکرا ڕۆژەکانی ساڵدا کە لەم حاڵەتەدا بینەر بە جۆرێ پەروەردەبێت کە لە ساڵێکدا بە ژمارەی پەنجەکانی دەستی خۆی نمایشی شانۆیی ببینێ و لەگەڵ کاتەکانی خۆیدا بیگونجێنێ ئەم دۆخەش هیچ گوناهێکی ئەوی بینەری تیانییە، چونکە ئەگەر شانۆ نەبێ بچێ بۆ سەیری چی؟ هۆڵی بێ نمایش ببینێ؟ لێرەو هاوکاتی ئەم گۆشە نیگایەی بینەر بۆ شانۆ لەپڕ فێستیڤاڵ دێت و لە چەند ڕۆژێکی دیاری کراودا لەسەر یەک کۆمەڵە شانۆییەک نمایش دەکات و بینەران تووشی هیلاکی دەکات بەدەست ئەو بەکۆمەڵ بوونەوە، کە زۆر جار بەشێکی زۆری بینەران ناتوانن هەموو نمایشە شانۆییەکان ببینن، چونکە هەلی یەک ڕۆژی لە بەردەست دایە. ئەم سەر لێ شێواندنەی بینەر دەگاتە ئاستێک کە لەگەڵ تەواوبوونی فێستیڤاڵ و ئەو ژمارە نمایشە کەلە چەند ڕۆژێکدا دەیبینێ بۆ ماوەیەکی زۆرو تا فێستیڤاڵی ئایندە چەند شانۆییەکی کەم دەبینێ و تەنیا وەک ناو هونەری شانۆ دێتە بەرگوێی. ئالێرەو بێ ئەوەی شانۆکاران و دەزگاو نێوەندە هونەرییەکان هەست بە خۆیان بکەن ئەو بۆچوون و قەناعەتە لە بینەردا دروست دەکەن کە تەنیا لە فێستیڤاڵەکاندا شانۆی بیربکەوێتەوەو ئەو ئاگاییەی تیا دەکوژرێت کە هەست بە زەروورەتی شانۆ بکات لە هەموو چرکەساتێکدا نەک وەک بۆنەو ئاهەنگ لێی بڕوانێت! بۆیە دەبێت شانۆکاران لەوە بەئاگابن کە چەندە هەوڵ بۆ بەرەو پێشچوون و کاری داهێنەرانەی خۆیان دەدەن ئەوەندەو زیاتریش کار بۆ پەروەردەکردنی بینەران بکەن و ڕێگایەک بگرنەبەر کەلە هەموو ساتێکدا وەرگر بێتە ناو هۆڵەکانی شانۆوە نەک تەنیا لە فێستیڤاڵەکاندا هەست بە بوونی ئەم هونەرە بکات.

**(خەڵاتی فێستیڤاڵ و گومانی شانۆکاران و بینەران)**

کاتێک فێستیڤاڵی شانۆدەکرێت و بانگەشەی چالاکیەکانی خۆی دەکات و کۆمەڵی نمایش لەخۆ دەگرێت لەگەل هەنگاوەکانی خۆیدا خاڵێک دیاری دەکات کە پێی دەوترێ خاڵی کۆتای چالاکیەکانی فێستیڤاڵ و تیایدا بۆ ئەو لایەنانەی کە پێشتر دیاری کردووە خەڵات بەسەر سەرکەوتواندا دابەش دەکات، بەپێی پلەکان. تا ئێرە گونجاوەو دەکرێت لە هەموو فێستیڤاڵێکدا ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنرێت ئەگەر لە پرۆگرامەکانی دا هەبێت. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و لە هەمان کاتدا گومانیشە! ئەوەیە کە زۆرجار لە فێستیڤاڵەکانی کوردستان دا ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی دروست بە ئەنجام ناگەیەنرێت. ئەگەر بڕوانینە ئەو فێستیڤاڵانەی لەم چەند ساڵەی رابردوودا بە ئەنجام گەیەنراون و بەتایبەت لە ئاشکرا کردنی ئەنجامەکانی (دووەمین فێستیڤاڵی سلێمانی بۆ هونەری شانۆ) وردبینەوە دەبینین کە تا چ ڕادەیەک بارگاوییە بە گومان چەندە شانۆکاران و بینەرانی ناو هۆڵەکان لێی نارازین و بەشێوەیەکی دیار هەست بە کەم و کورییەکانی دەکرێت.

تۆ بڵێی لە کوردستان دا ئەوەندە هەژاربین لە دابینکردنی لیژنەیەکی پسپۆڕدا بۆ هەڵسەنگاندنی نمایشەکانی فێستیڤاڵێک؟! یاخود هەر سروشتی شانۆکاران بەو ئاکارەدا دەڕوات کە بڕیاردانەکانیان جێی گوما ن بێت؟!

یاخود هەر لە بنەرەتدا نمایشی باشمان نییە تا خەڵاتی پێ ببەخشرێ؟! یاخود... هتد؟ دەکرێت بۆ هەریەک لەو پرسیارانە وەڵام و لێکدانەوەی جیاوازمان هەبێت.بەڵام پرسیارە سەرەکیەکە لەوەدایە کە ئایە هەڵسەنگێنەران ولیژنە جیاوازەکانی ئەو فێستیڤاڵانە هەست بەوە ناکەن کە لە بەردەم بەرپرسیارییەتیەکی گەورەدان بەرامبەر بەهەر ئەنجامێک کە ئاشکرا دەکرێت لەو فێستیڤاڵەداو دەبێت ئەو بەڵێنانەی لەناو فێستیڤاڵدا دەدرێن و بەپێی ئاستی چالاکیەکانی خۆیان بە ئەنجامی بگەیەنن؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە وەڵامەکەی بریتیە لەو ئەنجامەی لە فێستیڤاڵەکاندا دەیبینین و هەمیشەو زۆرکات بەگومان و نارازی بوونی شانۆکاران و ئامادەبوانی ناو هۆڵەکانی نمایشەکانیان کۆتای پێ دێت.

ئەگەر جارێکی تر ئەنجامەکانی (دووەمین فێستیڤاڵی سلێمانی بۆ هونەری شانۆ) وەک نمونە بهێننەوە دەبینن کە خاڵی ئاشکرا کردنی خەڵاتەکان خاڵی پوچەڵ کردنەوەی لیژنەی داوەراندا هاتبوو کە گوایە لەم فێستیڤاڵەدا کاری (دەرهێنان و نواندن) لە ئاستی پێویستدا نەبووەو هەر بەو بڕیارەش خەڵاتی (ئەکتەرو دەرهێنەر) نەبەخشرا بە کەس تەنیا خەڵاتی (مژدەبەخش) درایە چەند ئەکتەرێک کە بەرای من جگە لە فریودانی شانۆکاران و بینەرانی فێستیڤاڵ هیچی تر نەبوو.

لێرەدا پرسیارێک ڕووبەڕووی لیژنەی داوەرو ڕێکخەرانی فێستیڤاڵ دەبێتەوەو دەپرسین ئەگەر فێستیڤاڵێک کاری نواندن و دەرهێنانی تێدانەبێت ئەی بە چ مافێک ناوی فێستیڤاڵی بە بەردا دەبڕیت و بانگەشەی بۆ دەکەیت؟! چییەو هەموو بینەرە دەڵێت کە ڕۆژانە بەناوی فێستیڤاڵەوە بانگهێشتی ناو هۆڵەکانی نمایشت کردووە؟ من لێرەداو لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ ئەزموون و ماندووبوونی هەندێ لە ئەندامانی لیژنەکان، کە هەمیشە وەک مامۆستای خۆم لێیان دەڕوانم. بەڵام خاوەنی ئەو بۆچوونەم کە دەبێت جارێکی تر بەشێوەیەکی دروست فێستیڤاڵ ڕێکبخرێت و تایبەتمەندێتی و شێوازی هونەرییانەی خۆی هەبێت. خۆ ئەگەر هەر بەردەوامیش بن لەسەر ئەو جۆرە فێستیڤاڵانەو بەهەمان شێوەو ناوەرۆک دووبارە بکرێتەوە! ئەوا بەرای من ئەو ناوە لە فێستیڤاڵەوە بگۆڕێت بۆ ناوێکی ترو تەنیا هەڵگری ئەو مافە بێت کە کۆمەڵی شانۆیی نمایش بکات و بڕیاردەر نەبێت لەسەر ئاست و توانای بەشداربوان. چونکە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا لەوجۆرە فێستیڤاڵانەدا کاری جدیش نمایش دەکرێت کە بەرهەمی شانۆکارە بە تواناو شوێندیارەکانەو دەکرێت ئەوانە بکرێنە نمونەیەک و بۆ هەنگاوەکانی ئایندە نمایشی هاوشێوەو ئاست بەرزتریش لەوانە بهێنرێتە ناو فێستیڤاڵەوە.